


ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

## یاریە ئۆلۆمپییەکان

یارییە ئۆلۆمپییەکان یان ئۆلۆمپیاد (بە ئینگلیزی: **Olympic Games**) ڕووداوێکی وەرزشی جیهانییە، یاریزانانی جۆرەها وەرزش بەشداری تیادا ئەکەن ، هەموو چوار ساڵ جارێک سازئەدرێ . کاتی خۆی لە یۆنان ساز ئەکرا ، بەڵام دواتر خانەدانێکی فەڕەنسی کە ناوی (پییێر فریدی باروِن دی کۆبەرتان) ، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی زیندووی کردەوە. بۆیە لە ساڵی (١٨٩٦ز) تا ئێستا هەموو چوار ساڵ جارێک سازکراوە ، تەنها لە ماوەی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا نەبێ . لەساڵی (١٩٢٤ز)شدا یاری ئۆلۆمپی زستانەش دامەزرا. بەڵام لەوەتەی ساڵی ١٩٩٤ز ئەم یارییانە ناوە ناوە لەساڵی جیا جیا سازئەکرێن بەهۆی ڕێکەوتنی یارییە ئۆلۆمپییە هاوینییەکان.
مێژوو

### مێژووی ئۆلۆمپی دابەشدەکرێت بۆ دوو قۆناغ، یەکەمیان مێژووی ئۆلۆمپی کۆن، لەگەڵ مێژووی ئۆلۆمپی نوێ.

### مێژووی ئۆلۆمپی کۆن

شارەزایان مێژووی دروستبوونی ئۆلۆمپی کۆن دەگەڕێننەوە بۆ ٧٧٦ ساڵ پێش زایینی لە وڵاتی یۆنان بە ئاماژەدان بەوەی کە لەسەر دیواری پەرستگاکان نوسراوە و کە چوارساڵ جارێک یارییەکانی بەڕێوەدەچوو، بەڵام هەندێکی تر لە شارەزایان مێژووی ئۆلۆمپی کۆن دەگەڕێننەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش زایینی. سەرەتای رکابەریکردنی یارییەکانی ئۆلۆمپی بە یاری راکردن دەستی پێکردووە کە ماوەکەی ١٨٦ یاردە بوو، دواتر زیادکراوە و بووەتە ٨٠٠ یاردە، پاشان یارییەکانی زۆرانبازی و بۆکسێن و پێشبڕکێی راکێشانی عەرەبانە کە چوار ئەسپ رایدەکێشا، هەروەها ماوەی یارییەکانی ئۆلۆمپیات لە رۆژێک بۆ ٥ رۆژی دەخایاند ، هەروەها بەشدارانی یارییەکانی ئۆلۆمپیات بۆ ماوەی مانگێک پێش دەستپێکردنی یارییەکان دەگەیشتنە شوێنی یارییەکان بۆ ئەنجامدانی مەشق و پرۆڤە کردن، خەلاتی وەرزشکارە سەرکەوتووەکانیش بریتی بوو لە شێوەی کلیلێک لە گەڵای زەیتون و پاشان تاجێک دەخرایە سەری سەرکەوتووەکان، ئەم گەڵایانەش پیرۆز بوون چونکە لە نزیک پەرستگاکان دەڕوێنراو (هەرقل بگرس) یەکەم داری لە نزیک پەرستگای (زیوس) لە ئەسینا چاند. هەروەها بەشدارانی یارییەکانی ئۆلۆمپیات تەنها هاوڵاتیان و وەرزشکارانی ئاسایی بەشدارییان تێدا نەدەکرد، بەڵکو مەلیک و دەسەڵاتدارانی ئەوکاتیش بەشدارییان دەکرد، نموونەش مەلیکی یۆنانی (فیلیپ مەقدۆن) لە سێ خولی یەک لە دوای یەکدا بەشداری یارییەکانی ئۆلۆمپیاتی کردووە، هەروەها ئیمپراتۆری ڕۆمانی (تابیدۆس) بەشداری تێدا کردووە، کە یۆنان بەشێک بووە لە ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆمانی.

## مێژووی ئۆڵۆمپی نوێ

مێژووی ئۆڵۆمپی نوێ لە ساڵی ١٧٦٦ ەوە دەست پێدەکات پاش ئەوەی ئۆڵۆمپی کۆن تووشی دارمان هات بەهۆی چەند ڕوودانی جەنگ و رووداوە سروشتییەکانی وەک( زەمین لەرزە و لافاو و هتد ...). دواتریش فەڕەنسییەکان چەندین هەوڵیانداو گەڕان بە شوێن پاشماوەکانی ئۆڵۆمپیدا، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بوو، دواتر وەفدێکی ئەڵمانی بە سەرۆکایەتی (ئارنست کۆرتیۆس)ی ئەڵمانی لە ساڵی ١٨٧٥ ، کە بۆماوەی شەش شاڵ بەردەوام بوون بۆ گەڕان و دۆزینەوەی پاشماوەکانی ئۆڵۆمپی، هەروەها سەرکەوتنیان بە دەستهێناو چەند ئاماژەو سەرەداوێکی گرنگیان دۆزییەوە سەبارەت بە مێژووی ئۆڵۆمپی و قۆناغەکانی.
دواتر و لەسەردەستی هاوڵاتییەکی بە ڕەگەز فەرەنسی بە ناوی (بارۆن دی کۆپەرتان) کە لە ساڵانی نێوان (١٨٦٣-١٩٣٧)دا ژیاوە و دواتریش بووە سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٨٩٦ ، بیرۆکەی سەرهەڵدانی یارییەکانی ئۆڵۆمپیاتی بنیاتناو سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە بانگهێشتکردنی وەفدە بیانییەکان بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانی ئۆڵۆمپیات، پاشان لە ساڵی ١٨٩٤ بناغەی لیژنەی ئۆڵۆمپی دانرا بۆ سەرپەرشتی کردنی یارییەکانی ئۆڵۆمپیات و فیکیلاس بووە سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی و بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو لە پۆستەکەی، هەروەها یەکەمین خولی ئۆڵۆمپی لە ئەسیناوە سەریهەڵداو لە بەرواری ١٨٩٦/٤/٦ یەکەم خولی ئۆڵۆمپی دەستپێیکردو ماوەی ١٠ ڕۆژی خایاند، هەروەها لیژنەی ئۆڵۆمپی بۆ بەڕێوەبردنی یەکەم خولی ئۆڵۆمپی پەنایان بردە بەر کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری بۆ بەڕێوەچوونی یارییەکان، دواتریش دەستورێک دانرا بە ناوی دەستوری ئۆڵۆمپی و هەموو خولێکی ئۆڵۆمپی لەسەر ئەو دەستورەو بە پێی یاساکانی بەڕێوەدەچوو، بەم شێوەیە دوای ١٥٠٥ ساڵ دابڕان یەکەم خولی یارییەکانی ئۆڵۆمپیات لە ئەسینا و لەسەر دەستی فەرەنسییەک دەستی پێکردەوە.

## ئۆڵۆمپییە کۆنەکان

یارییە ئۆلۆمپییەکان بە ناسراوترین خولی وەرزشی دائەنرێن لە مێژووی کۆندا. بۆیەیش بەم ناوەوە ناونراوە چونکە ناوی شارێکی یۆنانیە ، کە پێشتر پەرستگا بوو. لەساڵی ٧٧٦پ.ز سەری هەڵداوە ، هەرچوار ساڵ جارێک لەسەر شەرەفی (زۆس) ی خواوەندی گەورەی یۆنانیەکان و خێزانەکەی (هیرا) سازئەکرا ، و حەوت ڕۆژی ئەخایاند. یارییە ئۆلۆمپییەکان تەنها وەرزشێک نیە ، بەڵکو مانا و سیمایێکی ئایینی و نیشتیمانی هەیە. مەزەندە ئەکرێ کە هەرقەل شەش وەرزشی داهێنابێ . لەسەدەی پێنجەمی پێش زایین ، ژمارەی یاری و پێشبرکێکان گەیشتە ١٣ یاری ، ١٠ یاری بۆ پیاوان ، ئەوانی تریش بۆ منداڵان ، دە یاریەکەش ئەمانە بوون : چوار پێشبرکێی جۆراوجۆر لە ڕووی دوژمن ، زۆرانبازی ئازاد ، بۆکسێن ، زۆرانبازی یۆنانی ، پێشبرکێی ئەسپ سواری ، پێشبرکێی گالیسکە ، پێنج گۆشەکی. یاریەکانی منداڵانیش بریتی بوون لەمانە : دوژمن ، زۆرانبازی ، بۆکسێن ، تۆپی پێ ، تۆپی دەست ، تۆپی باڵە ، کە هەموویان یاری ئۆلۆمپی بوون.
ماڵپەری : لە ویکیپیدیا، ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد
=================================================================

ئەو بەشی خوارەوە لە فارسییەوە کراوەتە کوردی : ڕەحمان نەقشی

### یەکەم یارییەکانی ئۆڵەمپێکی - ١٨٩٦ Games of the I Olympiad


ئۆڵەمپێکی هاوینی ساڵی ١٨٩٦ زایینی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی یەکەم ناسراوە، کە لە ٦ی ئاوریل تا ١٥ی ئاوریل ١٨٩٦ زایینی لە شاری ئاتنی لە پێتەختی وڵاتی یونان بە بەشداری ٢٤١ یاریزانی ژن و پیاو لە ١٤ وڵات لە ٩ جۆر وەرزیش بەڕێوە چووە.




| ڕیزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برۆنز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ١١ | ٧ | ٢ | ٢٠ |
| ٢ | یونان | ١٠ | ١٧ | ١٩ | ٤٦ |
| ٣ | ئاڵمان | ٦ | ٥ | ٢ | ١٣ |

### دووهەم یارییەکانی ئۆڵەمپێک – ١٩٠٠ Games of the II Olympiad


ئۆڵەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٠٠ زایینی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی دووهەم ناسراوە، کە لە ١٤ی مای تا ٢٢ی ئۆکتۆبری ١٩٠٠ زایینی لە شاری پاریس پێتەختی وڵاتی فەرانسە بە بەشداری ٩٩٧ یاریزانی ژن و پیاو، ٢٢یاریزانی ژن و ٩٧٥ یاریزانی پیاو لە ٢٤ وڵات لە ١٩ جۆر وەرزیش بەڕێوە چووە.




| ڕیزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برۆنز | سەرجەم |
| ١ | فەرانسە | ٢٦ | ٤١ | ٣٤ | ١٠١ |
| ٢ | ئامریکا | ١٩ | ١٤ | ١٤ | ٤٧ |
| ٣ | بریتانیا | ١٥ | ٦ | ٩ | ٣٠ |

## سێهەم یارییەکانی ئۆلەمپێک – ١٩٠٤    Games of the III Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی١٩٠٤ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی سێهەم ناسراوە، کە لە ١ی جووڵای تا ٢٣ی نوامبری١٩٠٤ زاینیی لە شاری سنت لۆئیس وڵاتی ئامریکا بە بەشداری ٦٥١ یاریزانی ژن و پیاو، ٦ یاریزانی ژن و ٦٤٥ یاریزانی پیاو لە ١٢ وڵات لە ١٧ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.




| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێر | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٧٨ | ٨٢ | ٧٩ | ٢٣٩ |
| ٢ | ئاڵمان | ٤ | ٤ | ٥ | ١٣ |
| ٣ | کوبا | ٤ | ٢ | ٣ | ٩ |

## چوارەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ١٩٠٨ - Games of the IV Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٠٨ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی چوارەم ناسراوە، کە لە ٢٧ی ئاوریلی تا ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٠٨ زاینیی لە شاری لەندەن پێتەختی وڵاتی بریتانیا بە بەشداری ٢٠٠٨ یاریزانی ژن و پیاو، ١٩٧١ یاریزانی پیاو٣٧ یاریزانی ژن ، لە ٢٢ وڵات لە ٢٢ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.




| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێر | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | بریتانیا | ٥٦ | ٥١ | ٣٩ | ١٤٦ |
| ٢ | ئامریکا | ٢٣ | ١٢ | ١٢ | ٤٧ |
| ٣ | سوئید | ٨ | ٦ | ١١ | ٢٥ |

## پێنجەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ١٩١٢ - Games of the V Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩١٢ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی پێنجەم ناسراوە، کە لە ٦ی جووڵای تا ٢٢ی جووڵای ١٩١٢ زاینیی لە شاری ستهکولم پێتەختی وڵاتی سوئید بە بەشداری ٢٤٠٨ یاریزانی ژن و پیاو، ٢٣٥٩ یاریزانی پیاو ٤٨ یاریزانی ژن ، لە ٢٨ وڵات لە ١٤ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.




| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێر | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٢٥ | ١٩ | ١٩ | ٦٣ |
| ٢ | سوئید | ٢٤ | ٢٤ | ١٧ | ٦٥ |
| ٣ | بریتانیا | ١٠ | ١٥ | ١٦ | ٤١ |

## شەشەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ١٩١٦ - Games of the VI Olympiad

ئۆلەمپیکی ساڵی ١٩١٦زاینیی لە شەشەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی بوو و قەرار بوو لە شاری برلین پێتەختی وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە بەچێ. بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی ئەم یارییانە لە کاتی خۆی دا بەڕێوە نەچوون.

## حەوتەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ١٩٢٠ - Games of the VII Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٢٠ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی حەوتەم ناسراوە، کە لە ٢٠ی ئاوریل تا ١٢ی سپتامبری ١٩٢٠ زاینیی لە شاری ئانتۆرپ لە وڵاتی بلژیک بە بەشداری ٢٦٢٦ یاریزانی ژن و پیاو، ٢٥٦١ یاریزانی پیاو ٦٥ یاریزانی ژن ، لە ٢٩ وڵات لە ٢٢ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.




| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێر | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٤١ | ٢٧ | ٢٧ | ٩٥ |
| ٢ | سوئید | ١٩ | ٢٠ | ٢٥ | ٦٤ |
| ٣ | بریتانیا | ١٥ | ١٥ | ١٣ | ٤٣ |

## Games of the VIII Olympiad - ١٩٢٤ هەشتەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی١٩٢٤ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی هەشتەم ناسراوە، کە لە ٤ی مای تا ٢٧ی جوولای١٩٢٤ زاینیی لە شاری پاریس پێتەختی وڵاتی فەرانسە بە بەشداری ٣٠٨٩ یاریزانی ژن و پیاو، ٢٩٥٤ یاریزانی پیاو ١٣٥یاریزانی ژن ، لە ٤٤ وڵات لە ١٧ جۆرە وەرزیش بەرێوە چووە.




| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برۆنز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٤٥ | ٢٧ | ٢٧ | ٩٩ |
| ٢ | فینلاند | ١٤ | ١٣ | ١٠ | ٣٧ |
| ٣ | فەرانسە | ١٣ | ١٥ | ١٠ | ٣٨ |

## Games of the IX Olympiad - ١٩٢٨ نۆهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٢٨ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی نۆهەم ناسراوە، کە لە ٢٨ی جوولای تا ١٢ی ئاگوستی ١٩٢٨ زاینیی لە شاری ئامستردام پێتەختی وڵاتی هۆلەند بە بەشداری ٢٨٨٣ یاریزانی ژن و پیاو، ٢٦٠٦ یاریزانی پیاو ٢٧٧یاریزانی ژن ، لە ٤٦ وڵات لە ١٥ جۆرە وەرزیش بەرێوە چووە.




| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برۆنز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٢٢ | ١٨ | ١٦ | ٥٦ |
| ٢ | ئاڵمان | ١٠ | ٧ | ١٤ | ٣١ |
| ٣ | فینلاند | ٨ | ٨ | ٩ | ٢٥ |

## Games of the X Olympiad - ١٩٣٢ دەهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی


ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٣٢ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی دەهەم ناسراوە، کە لە ٣٠جوولای تا ١٤ی ئاگوستی ١٩٣٢ زاینیی لە شاری لوسانجلیسی کالیفورنیا لە وڵاتی ئامریکا بە بەشداری ١٣٣٢ یاریزانی ژن و پیاو، ١٢٠٦ یاریزانی پیاو ١٢٦ یاریزانی ژن ، لە ٣٧ وڵات لە ١٤ جۆرە وەرزیش بەرێوە چووە.




| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برۆنز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٤١ | ٣٢ | ٣٠ | ١٠٣ |
| ٢ | ئیتالیا | ١٢ | ١٢ | ١٢ | ٣٦ |
| ٣ | فەرانسە | ١٠ | ٥ | ٤ | ١٩ |

## Games of the XI Olympiad - ١٩٣٦ یازدەهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٣٦ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی یازدەهەم ناسراوە، کە لە ١ی ئاگوستی تا ١٦ی ئاگوستی ١٩٣٦ زاینیی لە شاری برلین لە وڵاتی ئاڵمان بە بەشداری ٣٩٦٣ یاریزانی ژن و پیاو، ٣٦٣٢ یاریزانی پیاو ٣٣١ یاریزانی ژن ، لە ٤٦ وڵات لە ١٩ جۆرە وەرزیش بەرێوە چووە.




| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برۆنز | سەرجەم |
| ١ | ئاڵمان نازی | ٣٣ | ٢٦ | ٣٠ | ٨٩ |
| ٢ | ئامریکا | ٢٤ | ٢٠ | ١٢ | ٥٦ |
| ٣ | مەجارستان | ١٠ | ١ | ٥ | ١٦ |

## Games of the XII Olympiad - ١٩٤٠ دوازدەهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٤٠ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی دوازدەهەم ناسراوە، و قەرار بوو لە ٢١ی سپتامبری تا ٦ی ئۆکتۆبری ١٩٤٠ زاینیی لە شاری تۆکیۆ لە وڵاتی ژاپۆن بەرێوە بچێ بەڵام بر هۆی شەری دووهەمی جیهانی هەڵوەشایەوە

## سێزدەهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ۱۹۴۴ - Games of the XIII Olympiad

سێزدەهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ۱۹۴۴ زایینی ک قەرار بوو لە شاری لەندەن پێتەختی بریتانیا بەرێوە بچێ بەڵام بە هۆی شەری دووهەمی جیهانی هەڵوەشایەوە. هەر بەو هۆیەوە یارییەکانی ئۆلەمپێکی ۱۹۴۸ جاریکی تر درایەوە بە بریتانیا.

## چاردەهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ۱۹۴۸ - Games of the XIV Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ۱۹۴۸ زایینی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی چاردەهەم ناسراوە، کە لە ۲۹ی جوولای تا ۱۴ی ئاگوستی ۱۹۴۸ زایینی لە شاری لەندەن پێتەختی ئینگلستان بە بەشداری ۴۱۰۴ یاریزانی ژن و پیاو، ۳۷۱۴ یاریزانی پیاو ۳۹۰ یاریزانی ژن ، لە ۵۹ وڵات لە ۱۷ جۆرە وەرزیش بەرێوە چووە.
یارییەکانی ئۆلەمپێکی ۱۹۴۸ی لەندەن سەرەتای یەکی نوێ بوو لە کێ بەرکێی وەرزیشی لە مەیدانی ئۆلەمپێک کە لە دوای ۱۲ ساڵ کە بەهۆی شەری دووهەمی جیهانی لە دوای یارییەکانی ئۆلەمپێکی ۱۹۳۶ی شاری برلین بەرێوە چوو.




| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێر | زیو | برونز | سەرجەم |
| ۱ | ئامریکا | ۳۸ | ۲۷ | ۱۹ | ۸۴ |
| ۲ | سوئید | ۱۶ | ۱۱ | ۱۷ | ۴۴ |
| ۳ | فەرانسە | ۱۰ | ۶ | ۱۳ | ۲۹ |

## پازدەهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ۱۹۵۲ - Games of the XV Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ۱۹۵۲ زایینی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی پازدەهەم ناسراوە، کە لە ۱۹ی جوولای تا ۳ی ئاگوستی ۱۹۵۲ زایینی لە شاری هەلسینکی پێتەختی وڵاتی فینلاند بە بەشداری ۴۹۵۵ یاریزانی ژن و پیاو، ۴۴۳۶ یاریزانی پیاو ۵۱۹ یاریزانی ژن ، لە ۶۹ وڵات لە ۱۷ جۆرە وەرزیش بەرێوە چووە.




| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێر | زیو | برونز | سەرجەم |
| ۱ | ئامریکا | ۴۰ | ۱۹ | ۱۷ | ۷۶ |
| ۲ | یەکیەتی سۆڤیەت | ۲۲ | ۳۰ | ۱۹ | ۷۱ |
| ۳ | مەجارستان | ۱۶ | ۱۰ | ۱۶ | ۴۲ |

## شازدەهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ۱۹۵۶ - Games of the XVI Olympiad


ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ۱۹۵۶ زایینی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی شازدەهەم ناسراوە، کە لە ۲۲ی نوامبر تا ۸ی دیسامبری ۱۹۵۶ زایینی لە شاری ملیورن وڵاتی ئۆسترالیا بە بەشداری ۳۳۱۴ یاریزانی ژن و پیاو، ۲۹۳۸ یاریزانی پیاو ۳۷۶ یاریزانی ژن ، لە ۷۲ وڵات لە ۱۷ جۆرە وەرزیش بەرێوە چووە.




| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێر | زیو | برونز | سەرجەم |
| ۱ | یەکیەتی سۆڤیەت | ۳۷ | ۲۹ | ۳۲ | ۹۸ |
| ۲ | ئامریکا | ۳۲ | ۲۵ | ۱۷ | ۷۴ |
| ۳ | ئۆسترالیا | ۱۳ | ۸ | ۱۴ | ۳۵ |

## حەفدەهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ۱۹۶۰ - Games of the XVII Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ۱۹۶۰ زایینی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی حەفدەهەم ناسراوە، کە لە ۲۵ی ئاگوست تا ۱۱ی سپامبری ۱۹۶۰ زایینی لە شاری رۆم پێتەختی وڵاتی ئیتالیا بە بەشداری ۵۳۳۸ یاریزانی ژن و پیاو، ۴۷۲۷ یاریزانی پیاو ۶۱۱ یاریزانی ژن ، لە ۸۳ وڵات لە ۱۷ جۆرە وەرزیش بەرێوە چووە.




| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێر | زیو | برونز | سەرجەم |
| ۱ | یەکیەتی سۆڤیەت | ۴۳ | ۲۹ | ۳۲ | ۱۰۳ |
| ۲ | ئامریکا | ۳۴ | ۲۱ | ۱۶ | ۷۱ |
| ۳ | ئیتالیا | ۱۳ | ۱۰ | ۱۳ | ۳۶ |

## هەژدەهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ١٩٦٤ - Games of the XVIII Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی١٩٦٤ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی هەژدەهەم ناسراوە،کە لە ١٠ی ئۆکتۆبری تا ٢٤ی ئۆکتۆبری١٩٦٤ زاینیی لە شاری تۆکیۆ پێتەختی وڵاتی ژاپۆن بە بەشداری ٥١٥١ یاریزانی ژن و پیاو، ٤٤٧٣ یاریزانی پیاو ٦٧٨ یاریزانی ژن ، لە ٩٣ وڵات لە ١٩ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.

| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٣٦ | ٢٦ | ٢٨ | ٩٠ |
| ٢ | یەکیەتی سۆڤیەت | ٣٠ | ٣١ | ٣٥ | ٩٦ |
| ٣ | ژاپۆن | ١٦ | ٥ | ٨ | ٢٩ |

## نۆزدەهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ١٩٦٨ - Games of the XIX Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٦٨ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی نۆزدەهەم ناسراوە، کە لە ١٢ی ئۆکتۆبری تا ٢٧ی ئۆکتۆبری ١٩٦٨ زاینیی لە شاری میکزیکۆسیتی پێتەختی وڵاتی مکریک بە بەشداری ٥٥٣٠ یاریزانی ژن و پیاو، ٤٧٥٠ یاریزانی پیاو ٧٨٠ یاریزانی ژن ، لە ١١٢ وڵات لە ٢٠ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.

| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٤٥ | ٢٨ | ٣٤ | ١٠٧ |
| ٢ | یەکیەتی سۆڤیەت | ٢٩ | ٣٢ | ٣٠ | ٩١ |
| ٣ | ژاپۆن | ١١ | ٧ | ٧ | ٢٥ |

## بیستەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ١٩٧٢ - Games of the XX Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٧٢ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی بیستەم ناسراوە، کە لە ٢٦ی ئاگوستی تا ١٠ی سپتامبری ١٩٧٢ زاینیی لە شاری مۆنیخ لە وڵاتی ئاڵمانی رۆژئاوا بە بەشداری ٧١٧٠ یاریزانی ژن و پیاو، ٦٠٧٥ یاریزانی پیاو ١٠٩٥ یاریزانی ژن ، لە ١٢١ وڵات لە ٢٣ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.
یارییەکانی هاوینی مۆنیخ دوای یارییەکانی ئۆلەمپێکی هاوینی ١٩٣٦ی برلین ئەو دووهەم خانەخۆی وڵاتی ئاڵمانە بۆ ئەو یاریانە.

| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | یەکیەتی سۆڤیەت | ٥٠ | ٢٧ | ٢٢ | ٩٩ |
| ٢ | ئامریکا | ٣٣ | ٣١ | ٣٠ | ٩٤ |
| ٣ | ئاڵمانی رۆژهەلات | ٢٠ | ١١ | ١٦ | ٦٦ |

## بیست و یەکەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ١٩٧٦ - Games of the XXI Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٧٦ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی بیست و یەکەم ناسراوە، کە لە ١٧ی جوولای تا ١ی ئاگوستی ١٩٧٦ زاینیی لە شاری مۆنترال لە وڵاتی کانادا بە بەشداری ٦٠٢٨ یاریزانی ژن و پیاو، ٤٧٨١ یاریزانی پیاو١٢٤٧ یاریزانی ژن ، لە ٩٢ وڵات لە ٢١ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.

| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | یەکیەتی سۆڤیەت | ٤٩ | ٤١ | ٣٥ | ١٢٥ |
| ٢ | ئاڵمانی رۆژهەلات | ٤٠ | ٢٥ | ٢٥ | ٩٠ |
| ٣ | ئامریکا | ٣٤ | ٣٥ | ٢٥ | ٩٤ |

## بیست و دووهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ١٩٨٠ - Games of the XXII Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٨٠ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی بیست و دووهەم ناسراوە، کە لە ١٩ی جوولای تا ٣ی ئاگوستی ١٩٨٠ زاینیی لە شاری مۆسکۆ پێتەختی وڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت لە بە بەشداری ٥١٧٩ یاریزانی ژن و پیاو، ٤٠٦٤ یاریزانی پیاو ١١١٥ یاریزانی ژن ، لە ٨٠ وڵات لە ٢١ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.

بەهۆی داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن هێزەکانی یەکیەتی سۆڤیەت، ئامریکا و چەندین وڵاتی ڕۆژئاوایی یارییەکانی ئۆڵەمپێکی ١٩٨٠ یان بایکوت کرد.

| ڕیزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برۆنز | سەرجەم |
| ١ | یەکیەتی سۆڤیەت | ٨٠ | ٦٩ | ٤٦ | ١٩٥ |
| ٢ | ئاڵمانی ڕۆژهەڵات | ٤٧ | ٣٧ | ٤٢ | ١٢٦ |
| ٣ | بۆلغارستان | ٨ | ١٦ | ١٧ | ٤١ |

## بیست و سێهەمین یارییەکانی ئۆڵەمپێکی ١٩٨٤ - Games of the XXIII Olympiad

ئۆڵەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٨٤ زایینی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆڵەمپێکی بیست و سێهەم ناسراوە، کە لە ٢٨ی جووڵای تا ١٢ی ئاگوستی ١٩٨٤ زایینی لە شاری لۆسئانجلیس وڵاتی ئامریکا بە بەشداری ٦٨٢٩ یاریزانی ژن و پیاو، ٥٢٦٣ یاریزانی پیاو ١٥٦٦ یاریزانی ژن ، لە ١٤٠ وڵات لە ٢٣ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.

یەکیەتی سۆڤیەتی و بەشێک لە هاوپیمانانی بە وەڵام دانەوەی بایکوتی ئامریکا و چەند وڵاتی ڕۆژئاوایی لە یارییەکانی ئۆڵەمپێکی هاوینی ١٩٨٠ی مۆسکۆ لە بەشداری ئەم ئۆڵەمپێکە خۆیان پاراست و بەشدارییان نەکرد. بەڵام کۆماری گەلی چین بۆ یەکەم جار دەستەیەک لە یاریزانانی خۆی ڕەوانەی یارییەکانی ئەم ئۆڵەمپێکە کرد.

| ڕیزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برۆنز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٨٣ | ٦١ | ٣٠ | ١٧٤ |
| ٢ | ڕۆمانی | ٢٠ | ١٦ | ١٧ | ٥٣ |
| ٣ | ئاڵمانی ڕۆژئاوا | ١٧ | ١٩ | ٢٣ | ٥٩ |

## بیست و چوارەمین یارییەکانی ئۆڵەمپێکی ١٩٨٨ - Games of the XXIV Olympiad

ئۆڵەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٨٨ زایینی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆڵەمپێکی بیست و چوارەم ناسراوە،کە لە ١٧ی سپتامبری تا ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٨٨ زایینی لە شاری سئۆل پێتەختی وڵاتی کورەی باشوور بە بەشداری ٨٣٩١ یاریزانی ژن و پیاو، ٦١٩٧ یاریزانی پیاو٢١٩٤ یاریزانی ژن ، لە ١٦٠ وڵات لە ٢٧ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.

| ڕیزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برۆنز | سەرجەم |
| ١ | یەکیەتی سۆڤیەت | ٥٥ | ٣١ | ٤٦ | ١٣٢ |
| ٢ | ئاڵمانی ڕۆژهەڵات | ٣٧ | ٣٥ | ٣٠ | ١٠٢ |
| ٣ | ئامریکا | ٣٦ | ٣١ | ٢٧ | ٩٤ |

## بیست و پێنجەمین یارییەکانی ئۆڵەمپێکی ١٩٩٢ - Games of the XXV Olympiad

ئۆڵەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٩٢ زایینی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆڵەمپێکی بیست و پێنجەم ناسراوە، لە ٢٥ی جووڵای تا ٩ی ئاگوستی ١٩٩٢ زایینی لە شاری بارسلونا وڵاتی ئیسپانیا بە بەشداری ٩٣٥٦ یاریزانی ژن و پیاو، ٦٦٥٢ یاریزانی پیاو٢٧٠٤ یاریزانی ژن ، لە ١٧٠ وڵات لە ٣٢ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.

ئەو ئۆڵەمپێکە یەکەم ئۆڵەمپێکی دوای لێک هەوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت بوو، یاریزانانی ١٢ وڵاتی تازە پێک هاتووی لە یەکیەتی سۆڤیەت بە ئاڵای (هەڵبژاردەی یەکگرتوو) لەم یاریانە بەشداریان کرد.

| ڕیزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برۆنز | سەرجەم |
| ١ | هەڵبژاردەی یەکگرتوو | ٤٥ | ٣٨ | ٢٩ | ١١٢ |
| ٢ | ئامریکا | ٣٧ | ٣٤ | ٣٧ | ١٠٨ |
| ٣ | ئاڵمان | ٣٣ | ٢١ | ٢٨ | ٨٢ |

## بیست و شەشەمین یارییەکانی ئۆڵەمپێکی ١٩٩٦ - Games of the XXVI Olympiad

ئۆڵەمپێکی هاوینی ساڵی ١٩٩٦ زایینی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆڵەمپێکی بیست و شەشەم ناسراوە،کە لە ١٩ی جووڵای تا ٤ی ئاگوستی ١٩٩٦ زایینی لە شاری ئاتلانتا جۆرجیای وڵاتی ئامریکا بە بەشداری ١٠٣٢٠ یاریزانی ژن و پیاو، ٦٧٩٧ یاریزانی پیاو٣٥٢٣ یاریزانی ژن ، لە ١٩٧ وڵات لە ٢٦ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.

| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٤٤ | ٣٢ | ٢٥ | ١٠١ |
| ٢ | رووسیە | ٢٦ | ٢١ | ١٦ | ٦٣ |
| ٣ | ئاڵمان | ٢٠ | ١٨ | ٢٧ | ٦٥ |

## بیست و حەوتەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ٢٠٠٠ - Games of the XXVII Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی بیست و حەوتەم و هەروها (بەیارییەکانی هەزارە ) ناسراوە، کە لە ١٥ی سپتامبر تا ١ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٠ زاینیی لە شاری سیدنی وڵاتی ئۆسترالیا بە بەشداری ١٠٦٥١ یاریزانی ژن و پیاو، ٦٥٨٢ یاریزانی پیاو ٤٠٦٩ یاریزانی ژن ، لە ١٩٩ وڵات لە ٢٨ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.

| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٣٧ | ٢٤ | ٣٣ | ٩٤ |
| ٢ | رووسیە | ٣٢ | ٢٨ | ٢٩ | ٨٩ |
| ٣ | چین | ٢٨ | ١٦ | ١٤ | ٥٨ |

## بیست و هەشتەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ٢٠٠٤ - Games of the XXVIII Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی٢٠٠٤ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی بیست و هەشتەم و هەروها (بەیارییەکانی هەزارە ) ناسراوە، کە لە ١٣ی ئاگوست تا ٢٩ی ئاگوستی٢٠٠٤ زاینیی لە شاری ئاتین پێتەختی وڵاتی یونان بە بەشداری ١٠٦٢٥ یاریزانی ژن و پیاو، ٦٢٩٦ یاریزانی پیاو ٤٣٢٩ یاریزانی ژن ، لە ٢٠١ وڵات لە ٢٨ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.
یارییەکانی ئۆلەمپێکی هاوینی٢٠٠٤ بۆ جاری سێهەمە کە یونان خانەخۆی یارییەکانی ئۆلەمپێک دەکات.

| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٣٥ | ٣٩ | ٢٩ | ١٠٣ |
| ٢ | چین | ٣٢ | ١٧ | ١٤ | ٦٣ |
| ٣ | رووسیە | ٢٨ | ٢٦ | ٣٨ | ٩٢ |

## بیست و نۆهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ٢٠٠٨ - Games of the XXIX Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ٢٠٠٨ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی بیست و نۆهەم ناسراوە، کە لە ٨ی ئاگوست تا ٢٤ی ئاگوستی ٢٠٠٨ زاینیی لە شاری پیکەن پێتەختی وڵاتی کۆماری گەلی چین بە بەشداری ١٠٩٤٢ یاریزانی ژن و پیاو، ٦٣٠٥ یاریزانی پیاو ٤٦٣٧ یاریزانی ژن ، لە ٢٠٤ وڵات لە ٢٨ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.

| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێڕ | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | چین | ٥١ | ٢١ | ٢٨ | ١٠٠ |
| ٢ | ئامریکا | ٣٦ | ٣٨ | ٣٦ | ١١٠ |
| ٣ | رووسیە | ٢٣ | ٢١ | ٢٩ | ٧٣ |

## سیهەمین یارییەکانی ئۆلەمپێکی ٢٠١٢ - Games of the XXX Olympiad

ئۆلەمپێکی هاوینی ساڵی ٢٠١٢ زاینیی بە فەرمی بەناوی یارییەکانی ئۆلەمپێکی سیهەم ناسراوە، کەلە ٢٧ی جوولای تا ١٢ی ئاگوستی ٢٠١٢ زاینیی لە شاری لەندەن پێتەختی وڵاتی ئینگلستان بە بەشداری ١٠٨٢٠ یاریزانی ژن و پیاو لە ٢٠٤ وڵات لە ٢٦ جۆرە وەرزیش بەڕێوە چووە.

| ریزبەندی میداڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلە | وڵات | زێر | زیو | برونز | سەرجەم |
| ١ | ئامریکا | ٤٦ | ٢٩ | ٢٩ | ١٠٤ |
| ٢ | چین | ٣٨ | ٢٧ | ٢٢ | ٨٧ |
| ٣ | بریتانیا | ٢٩ | ١٧ | ١٩ | ٦٥ |

سەرچاوە ماڵپەڕی : لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

## ١٠ هەڵبژاردە براوەکان ئولەمپیکەکان



| ریز | ناوی وڵات | زێر | زیو | برۆنز | سەرجەم | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ولاتە یەکگرتووکانی ئامریکا | ٩٣٠ | ٧٣٠ | ٦٣٨ | ٢٢٩٨ | یەکەم |
| ٢ | یەکیەتی سۆڤیەتی کۆن | ٣٩٥ | ٣١٩ | ٢٩٦ | ١٠١٠ | دووهەم |
| ٣ | ئیتالیا | ١٩٠ | ١٥٨ | ١٧٤ | ٥٢٢ | سێهەم |
| ٤ | ئاڵمان رۆژئاوا | ١٦٣ | ١٦٣ | ٢٠٣ | ٥٢٩ | چوارەم |
| ٥ | فەرانسە | ١٩١ | ٢١٢ | ٢٣٣ | ٦٣٦ | پێنجەم |
| ٦ | بریتانیا | ٢٠٧ | ٢٥٥ | ٢٥٣ | ٧١٥ | شەشەم |
| ٧ | ئاڵمانی رۆژهەڵات | ١٥٣ | ١٢٩ | ١٢٧ | ٤٠٩ | حەوتەم |
| ٨ | سوئید | ١٤٢ | ١٦٠ | ١٧٣ | ٤٧٥ | هەشتەم |
| ٩ | کۆماری گەلی چین | ١٦٣ | ١١٧ | ١٠٦ | ٣٨٦ | نۆهەم |
| ١٠ | مەجارستان (هەنگاریا) | ١٥٩ | ١٤١ | ١٥٩ | ٤٥٩ | دەهەم |

ئەم ڕیزبەندە بەر لە ئۆڵەمپێکی لەندەنی ساڵی ٢٠١٢ ئامادە کراوە.

